## سەردانی ڕێبەرایەتی سازمانی خەبات لە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان



ڕۆژی چوارشەممە ٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٦، کاك بابەشێخ حسینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە سەرۆکایەتی هەیئەتێکی سازمان کە پێك هاتبوون لە کاك بێهروز ئەردەڵان، کاك محمد محمدی و کاك سید کامیل چاپاش ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کاك عەلی بەهرامی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان یان کرد و لەلایەن بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵە حەسەن زادە کەسایەتی ناسراوی حیزبی دیموکرات، کاك حەسەن ڕستگار، کاك کەماڵ کەریمی، کاك عومەر باڵەکی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، و کاك خالید وەنەوشە بەرپرسی پێوەندیەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر پێشوازیان لێ کرا.

لە کۆبوونەوەی نێوان، هەر دوولا هەل و مەرجی جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، هەوڵەکان بۆ نزیك بوونەوەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، وەزعی کوردستانی عێراق و ناوچەکە بە تێکڕا باسیان لێ کراو هەر دوولا لە سەر بەردەوام بوونی بیروڕا گۆڕینەوە پێ یان داگرتەوە.

## بەشداری کۆمیتەی سوئێدی سازمان لە ڕێ و ڕەسمی ٢ی ڕێبەندان



ڕۆژی شەممە ٢٦ی ژانیویە هەیئەتێکی کۆمیتەی سوئێدی سازمانی خەبات بەشداریان لە ڕێ و ڕەسمی ٢ی ڕێبەندان کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سازیان دابوو. لەو ڕێ و ڕەسمەدا کە ژمارەیێکی بەرچاو لە نوێنەری هێز و لایەنە سیاسیەکان و کوردانی دانیشتوانی سوئێد بەشدار بوون.

هەیئەتی سازمان پەیامیان پێش کەش بە بەڕێوەبەری کۆڕەکە کرا.

## بەشداری کۆمیتەی کانادای سازمان لە ڕێ و ڕەسمی ٢ی ڕێبەندان



ڕۆژی شەممە ٢٦ی ژانویەی ٢٠٠٨، هەیئەتێکی کۆمیتەی کانادای سازمان بەشداری لە ڕێ و ڕەسمی ٢ی ڕێبەندان ٦٢هەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان کرد کە لەلایەن کۆمیتەی کانادای حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە و لە شاری ڤانکۆڤەر ڕێکخرابوو.

پەیامی کۆمیتەی سازمانی خەبات لەلایەن خۆشکە نیهایەت شەرێعەتپەناوە خوێندرایەوە.

# چەندین زانیاری لەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەم لە ئێران




بەپێی بڕیاری دەسەڵاتداریی ئەو کەسانە کە خۆیان دەپاڵێون بۆ نوێنەرایەتی دەبێ پلەی خوێندەواریان لە زانکۆ بەرەو خوار نەبێ. ئەوەی جێگەی گرینگیە ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی نوێنەرانی باڵی ئیسلاح خواز خۆیان پاڵاوتوە زۆریان متمانەیان نەدراوەتێ بەشداری هەڵبژاردنە بکەن و لە هەمانکاتدا بەم دواییانە کێشە لە نێوانیان پەیدا بووەو مەهدی کەروبی،یەکێك لە کەسایەتیە دیارەکانی ئیسلاح خواز و سەرۆکی حیزبی (اعتیماد ملی) ڕەخنەی لە (جبهەی مشارکت) کردوە کە ئەو جبهەیەش ئیسلاح خوازە. بەهۆی ڕەخنەی کەروبی لێك دابڕاون و بیرکردنەوەی جیاواز لە ریزی ئیسلاح خوازەکاندا پەیدا بوە کە، بەقازانجی باڵی محافزەکار بریتی لە خامنەایی و ئەحمەدی نژادە.

دەگوترێ محافزەکارەکان پێشوازیان لە قسەکانی کەروبی کردوە, هەر چەند کەروبی مەبەستی لە ڕەخنەگرتن لە(جبهە مشارکت) ئەوەیە کە لایەنگرانی خۆی واتە پاڵیوراونی حیزبی اعتیمادی ملی ریگەیان پی بدرێ هیچ نەبێ لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن. بەڵام سەرەڕای ئەو پاکانەکردنەی کەروبی و ئەو ئیمتیازدانەش زورگرانە ئیسلاح خوازان تەنانەت لایەنگرانی کەروبی، لە فیلتیری شورای نیگەهبان کە چاودێری بە سەر پاڵێوراوان دا دەکات، متمانەیان بێ بدرێ بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن.

دوای ئەو کێشەیەی نێوان باڵەکانی ئیسلاح خواز کۆبوونەوەیێك لە نێوان، خاتەمی، ڕەفسەنجانی و کەروبی بەسترا بۆ ئەوەی هەڵوێستەکانیان یەك بخەن، سەرەڕای هاوهەڵوێستیان، لایەنی محافزەکاران گرینگیان بە داواکانیان نەدا.

بەپێ بەراوەردەکان و لێکۆڵینەوەکان دەبێ بڵەین لە ئێستاوە ئاکامی هەڵبژاردن دیارە چونکە باڵی (محافزە کارەکان) هەموو و هەنگاو کردەوە و ریگەیێکیان بۆ بردنەوە تەخت و هەموارکردوە. ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا ئیسلاح خوازەکان دەورێکیان بوو، بێ گومان لەم دەورەی هەڵبژاردن هیچ جێگەیێکیان نابێ و دۆران ئاکامیانە. بەتایبەت کە باڵەکانی ئیسلاح خواز بە محمد خاتەمیشەوە خاوەن ئیرادە و توانایی نین و هیچ دامەزراوەیێکی ئیجراییان نیە. بە پێچەوانەوە، محافزەکارەکان لە سەر هەڵوێستە سیاسیەکان و بەرنامە سیاسیەکان یەکگرتووترن و خاوەن دەسەڵات و خاوەن بڕیارن. هەرچەند لە ناو ئەوانیشدا کێشە هەیە، بەڵام کێشەی ئەوان لە سەر شێوەی کار کردنەو ئەوان لە سەر تۆقاندن و هەڕەشە و پەرە پێدانی گەڵاڵە ئەتۆمیەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەمریکا و بە گشتی ئەو خەت و بەرنامە ئیستراتژیك و بنەرەتیانەی هەیانە هاودەنگ و هاوهەڵوێستن.

بە پێی ئەو سەرژمێریانەی کە دیانخەینە بەرچاو ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ کە لە ئێستاوە دەبێ محافزەکارەکان بە براوە بزانین و لە هەمانکاتدا ئیسلاح خوازەکان بە دۆراو کە شکستی ئەم جارەی ئیسلاح خوازەکان زۆر قورستر و گەورەتر دەبێ لە ڕابردوو.

بە پێی سەرژمێری وەزارەتی ناوخۆ ٣١/٥ لە سەدی ئەو کەسانەی خۆیان پاڵاوتووە کەسانێکن کە لە شەڕی ئێران ـ عێراق بەشدار بوون. هەروەها کەسانی وەك عەلی فەلاحیان، عەلی لاریجانی، محمد عەلی رامین کە یەکێك لە راوێژکارانی بەرزی ئەحمەدی نژادە، لەو کەسانەیە کە بۆچوونی زۆر توندی هەیە و تەنانەت دەگوتری ئەحمەدی نژاد. لە سەر پێشنهادو قسەی ئەو رایگەیاند بوو کوشتاری یەهوودیەکان (هولوکاس)درۆیە (مرتضی آقا تهرانی) ئەویش کەسێکە لە محافزەکارەتوندڕەوەکان و لەو ئاخوندانەیە دەرسی ئەخلاق بە وەزیرەکانی ئەحمەدی نژاد دەڵێ و ناسراوە بەوەی هەڵوێستی زۆرتوندی بەرانبەر ئیسلاح خوازان هەیە.

عەلی مطهری کوری مطهری باوکی تئوریسین و شارەزای فلسفەی ئیلاهیات کە لەرابردوودا بە دەستی جەماعەتی (فرقان) ترۆرکرا ئەویش یەکێکە لە محافزەکارن و رایانگەیاندوە خۆ دەپاڵێوێ و بەشداری دەکا لە هەڵبژاردن، چونکە بۆچوونی ئیسلاح خوازەکان مەترسیدارە بۆیە دەبێ رێگەبگرین لەسەرکەوتنی ئیسلاح خوازەکان. شتێکی دیکە کە رێگە دەگرێ لە سەرکەوتنی ئیسلاح خوازەکان، ئەوەیە کە ئەوان لەلایەن شورای نیگەهبانەوە دەبێ متمانەیان پێ بدرێ تا بەشداری بکەن، بەڵام شورای نیگەهبان لە دەستی محافزەکارەکاندایە و ئاخوند جەنتی سەرپەرستی دەکا لەلایێکی دیکەوە خامنەیی لە سەفەری ٢٠٠٨/١/٩ بۆشاری یەزد رایگەیاند نابێ رێگە بدەین کەسانی فریوخواردوو بچنە مەجلیس و دەبێ وریا بین فریوخواردوان رێگەیان نەبێت پلەو دەسەڵات لە ئێراندا بەدەستەوە بگرن.

هەڵبژاردنی هەشتەمی مەجلیس رۆژی هەینی ١٤\مارتی ٢٠٠٨دەست پێ دەکا. دیارە تا ئەوکات ئاڵ و گۆری تازە دێنە ئاراوە. بەڵام ئەوەی باسمان کردوە بەراوردی ئێستایە کە رەنگە تا ئەوکات ئاڵ وگۆری زۆر و بەر چاو و گرینگی تێدا وەدی نەیێ.

# پەرەگرتنی هەڕەشەی کاربەدەستانی ڕژیمی ئێران لە وەڵاتانی ناوچەکە

لە دوای سەفەری جۆرج بووش سەرۆکی ئەمریکا بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست و سەردانی وەڵاتانی کەنداوی فارس، دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ هەڕەشە لە وەڵاتانی عەرەبی هاوپەیمان و دۆستی ئەمریکا دەکەن.

هەڕەشەکانی رژیمی ئێران لە زمان چەند بەرپرسی و کاربەدەستی رەسمی و غەیرە رەسمی لە وەڵاتانی ناوچەکە دەکرێ، کە توندترین هەڕەشەیان لەلایەن حسەین شەرێعەتمەداری، ئاخوندی دەست رۆیشتوو و نوێنەری ئاخوند خامنەیی لە رۆژنامەی کەیهاندایە، ناوبراو بە هێنانەوەی ئەو بەڵگەی کە هەر دوو مەزهەبی سونی و شێعە لە سەر ئەوە هاوبۆچوونن کە دەبێ دژمنانی ئیسلام لە رێگەی ترۆر لە ناوبچن، هەڕەشەی کوشتنی لە سەرۆك و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە کرد و داوای کرد، موسوڵمانان بۆ لە ناوبردنی سەرۆکی ئەو وەڵاتانە هەوڵ بدەن. هەر بە دوای شەرێعەتمەداری، عەلی جەعفەری فەرماندەی سپای پاسدارانی رژیم لە ووتووێژ لەگەڵ تلویزیونی (الجزیرە) هەڕەشەی کرد کە ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر رژیمی ئێران. لە بەرانبەردا رژیم هێرش دەکاتە سەر بنکە و پێگە سەربازیەکانی ئەمریکا لە وەڵاتانی کەنداو.

هەڕەشەی فەرماندەی سپای پاسداران ئەگەر چی راستەوخۆ لە وەڵاتانی کەنداو نەبوو، بەڵام ئەوەی بەروونی تێدا دەبیندرێ کە مەبەستی فەرماندەی سپای رژیم تەنیا بنکە سەربازیەکانی ئەمریکا لەو وەڵاتانە نیە، بەڵکو هەڕەشەیە لە وەڵاتانی کەنداو هەروەها ترساندنی ئەو وەڵاتانەیە بۆ ئەوەی دەست لە نزیکی ئەمریکا هەڵگرن.

بێ گومان هەڕەشەکانی کاربەدەستانی رژیم جێگەی نیگەرانیە و هەر ئەو هەڕەشانە دەرخەری ئەو راستیانەن بۆ جارێکی دیکە کە رژیمی ئێران جێگەی متمانە نیە و دەبێ بە شێوەی جیددی بەرەورووی ببنەوە.

ئەو هەڕەشە نوێ یانە هەڕەشەکانی سەردەمی خومەینی بیردەهێننەوە کە رایگەیاند ئەگەر لەگەڵ ئیسرائیلیەکان دانیشین و پێوەندیمان لەگەڵ ئەوان هەبێ هیچ کات لەگەڵ دەسەڵاتی سعودیە پێوەندیمان نابێ، یان ئەوەی رایگەیاند رێگەی قودس لە کەربەلاوەیە. ئەو قسانە بەو مەعنایەیە کە دەبێ رژیمی ئاخوندی دەسەڵاتی بە سەر عێراق و ئوردون و چەند وەڵاتانی دیکەی عەرەبدا هەبێ ئەوکات بە خەباڵی خۆی دەستی بگاتە ئیسرائیل.

بێ گومان ئەحمەدی نژاد وەك هاو بۆچوون و پێداگر لە سەر سیاسەتەکانی خومەینی چەندین جار هەڕەشەی لە بوونی ئیسرائیل کردوە و رایگەیاندوە دەبێ ئەو وەڵاتە لە سەر گۆی زەوی نەمێنێ.

هەر وەك چۆن هیتلێر پێش دەست پێ کردنی جەنگی جیهانی دووهەم، لە ساڵی ١٩٣٥ خۆ تەیار کردن، بە چەك و تەقەمەنی پێش کەوتوو لە ژێر ناوی هەڕەشە لە روسیە و بلشویکەکان بۆ بە لارێدا بردنی ئوروپاییەکان، رێگەی جەنگێکی ماڵ وێرانکەری خۆش دەکرد و سەرئەنجام ئەو جەنگەشی بە سەر جیهاندا و لە پێشدا بە سەر ئوروپادا، سەپاند. رژیمی ئاخوندی و دەسەڵاتدارانیشی، لە کۆنەوە لە هەوڵدان بۆ خۆ تەیار کردن بە چەکی پێش کەوتوو، دروست کردنی بۆمبی ئەتۆم، مووشەکی دوور هاوێژ کە هیچ کام لەو چەك و تەقەمەنیانە بۆ دیفاع کرد نیە، بەڵکوو زیاتر بۆ هێرش کردن کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

ئێستا ئەگەر پاسدار جەعفەری لە ژێر ناوی هێرش کردن بۆ سەر پێگە و بنکەکانی ئەمریکا لەلایێك بەناو مەبەستیەتی رێز بۆ سەروەری ئەو وەڵاتانە دانێ، کە بێ گومان هەر هێرشێك بۆ سەر ئەو پێگانەی ئەمریکا لە هەر کام لە وەڵاتانی ناوچەکە پێشێل کردنی سەروەری ئەو وەڵاتانەیە و ئەو وەڵاتانە بە پێی رێکەوتن و قانوون ناتوانن و نابێ لێی بێ دەنگ بن.

بەو پێ یە، پاسدار جەعفەری نە تەنیا هەڕەشەکەی بۆ سەر ئەمریکایە، بەڵکوو هەڕەشەیە لە وەڵاتانی کەنداو و دۆستەکانی ئەمریکا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست.

ئەوەی پێویستە وەڵاتانی کەنداو بیکەن، بەرپەرچ دانەوەی کاریگەرانەی هەڕەشەکانی رژیمی ئاخوندیە. بێ گومان هەر نەوعە بێ دەنگیێك دەبێتە هۆی پێ لێ هەڵکێشانی دەسەڵاتدارانی ئاخوندی و سوور بوونی لە سەر هەڕەشە و مەبیەستە جەنگخوازیەکانی.

***